عەممار حەکیم دژایەتی خۆی بە هەموارکردنەوەی یاسای ئەستای هەڵبژاردن دەردەبڕێت

عەممار حەکیم، سەرۆکی هاوپەیمانی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی ڕایگەیاند، هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن خواستێکی تاکلایەنەیە لە دەرەوەی کەدەنگی نیشتمانی.

عەممار حەکیم ئەمە چوارشەممە لەمیانی پانێڵکدا لەگەڵ دیداری سلێمانی لەگەڵ زانکۆی ئەمریکی لەعراق - سلێمانی، دژایەتی خۆی بە هەموارکردنەوەی یاسای ئەستای هەڵبژاردن دەربڕی و ڕایگەیاند، هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن خواستێکی تاکلایەنەیە لە دەرەوەی کەدەنگی نیشتمانی و "ئەو نەریتانەی لەگەڵ دەستوردا ناکۆکن، قبوڵ ناکرێت، یاسای هەڵبژاردنەکان ماوەیەکی زۆری خایاند تا دەرچو و لە هیچ کام لە هەڵبژاردنەکانی پێشوی پەرلەمانیشدا جێبەجێ نەکرا".

ئاماژەی بەوەشکرد، "حکومەتی ئەستا هەمەچەشنکردنی لە سەرچاوەکانی وزەدا بەدەستهێناوە و وبەرهێنانی لە غازی پێیوەندیداردا کردووە".

عەممار حەکیم باسی لەوەشکرد، "هەموارکردنی یاساکان بەزەری دوای تاقیکردنەوەی تایبەت دەت و ئەگەر کێشەی تایبەت سەرهەڵبدات، بلۆک و هێزە سیاسییەکان دەست دەکەن بە چارەسەرکردنی ئەو کێشانە".

ئونیشیکردەوە، "ئەمە بەپێی ئەم یاسایە نەچوینە ناو هەڵبژاردنەکانەوە بە ئەوەی کەلەنەکانی

بدەزینەوە، بەڵکو تەنها لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا جێبەجێکرا، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان باشترین و ئارامترین ئەزمونەکانی پێشون، بەو پێیەی یاساکە هاوسەنگی لە نێوان ژمارەی دەنگەکان و ژمارەی کورسییەکاندا دروستکردوە، بەیەک لەگەڵ ئەوەدا نین هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی ئێستا بکرێت".

عەممار حەکیم ئەوەشی خستەڕو، "هەنگاونان بەرەو هەموارکردنەکە شەرەزاریەک دەبێت بە کەمسیۆن لەوی کاتەوە، یاسای ئێستای هەڵبژاردن دادپەروەرانەی و داواکردن بە هەموارکردنەوەی یاساکە خواستەکی تاکلایەنەیە کە لە دەرەوەی کەدەنگی نیشتمانییە".

لەبارەی پەیوەندیەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا، حەکیم وتی، "هەرکات پێیوەندی ئێران و ئەمریکا باشبوبێت عێراق لە دەخەکی باشدابوە، پێیوەندی عێراق لەگەڵ ئێرانی دراوسێمان و ئەمریکای دەستی دورمان دەبێت لەسەر بنەمای بەرژەوەندی وەاتەکەمان بێت، پەموانیە ئێران و ئەمریکا بیانەوێت بەرەو جەنگ هەنگاوبنێن".

هەروەها وتیشی، "دەسەڵاتی سەربازی دەبێت لە دەستی دەوڵەتدا بێت و چەکیش دەبێت لە دەستی دەوڵەتدا بێت، هیچ ناکەکییەك لەسەر ئەمە نییە، بەشێوەیەکی ئارام خەریکین بە ڕەکسختنی گروپە چەکدارەکان لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەت، هەندەك پێیانوایە دەبێت بەشێوەیەکی توند مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت ئەمە کارەکی خراپەو ئەنجامی خوازراوی نابێت".